# بەرەو تاوانكردن پەلكێش

**بێ دایكی و بێ نازی**

(فەتاح ئەسعەد شـــینە) ئێستاكە تەمەنی (٣٥) ساڵە و لە تەمەنی (١٩)ساڵیدا لەسەر تاوانی دزی (٥) ساڵ بەند كراوە. بەڵام ئایا بەراســـتی تاوانەكەی هی ئەو بووە، ئەوەندە ساڵە لەســـەری بەند بكرێ؟ سەرگوزەشتەی (فەتـــاح) دەبێ چی لەم تەمەنە ناســـكەی ژیانیدا بەو چارەنووســـە گەیاندبێ، (فەتاح) وەك ئەزموونێكـــی تاڵـــی قۆناغێكی ژیانی خۆی تەواوی وردەكارییەكانی دزیكردنەكەی و هـــۆی ئەنجامدانـــی ئەم تاوانـــەی و ئەو بارودۆخـــەی كـــە تیایدا دەژیـــا بۆمان باس دەكات، بـــەو مەبەســـتەی وەكـــو وانەیـــەك كەسانی تر كە هاوشـــانی تەمەنی ئەوسای ئەون، ســـوودی لێببینن و لەوە بگەن كە تاوان كردن دواجار هەر ســـزای بەدواوەیە و مرۆڤ چەنـــدی پێی بكـــرێ هەوڵبـــدات خۆی بە تاوان و تاوانكاری بەدوور بگرێ و هوشـــیار و بە ئاگا بـــێ، هەروەها ئەوەش بزاندرێ كە باوك و دایكیش بەرپرســـیارێتیان لە بەرامبەر رۆڵەكانیان لەسەرشـــانە و فەرامۆش كردنیان رەنگە بە یارمەتی بارودۆخی دیكەو هۆكاری دیكەوە فرێیـــان بداتە ناو بازنـــەی تاوان و رووداوی ترســـناكەوە. جا با (فەتاح) خۆی ســـەربوردەی تاڵی بەشێكی گرنگی تەمەنی خۆیمان بۆ باس بكات و بزانین چۆن دەستگیر كـــراو چی كرد و چی بەســـەرهات؟ لەمەوە (فەتاح) بەمشـــێوەیە دەســـت بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەكەی كرد و گوتی: تەمەنم (١٩) ســـاڵێك دەبوو كە گیرام، بـــە گیرانم و خرانە بەندیخانەوە، بینینم بۆ ژیان و بۆ دنیا گۆڕا، شیشـــەكانی بەندیخانە و شەوانی لە هاویندا گەرم و لە زســـتاندا ســـاردی ناوبەندیخانە، ئەو زەبت و رەبت و ئەو شـــێوە ژیانەی كە بە زۆر بەسەرتدا دەســـەپێندرێ، ئەوسا و ئێستا و تا ماویشـــم لە بیری ناكەم. رۆژانی هەرە ناخۆشم، رۆژانی ســـەردانی بەندییەكان بوو، كە جگە لە خوشـــكەكانم كە بەرامبەرم زۆر بەوەفا بوون كەســـی تر نەدەهاتە ســـەردانم، دایكم ئەوە هیچ كە مردبوو، باوكیشم حاشای لێكردبووم، بۆیە كە سەردانكەران دەڕۆیشتنەوە و كاتی سەردان تەواو دەبوو، دەچوومەوە سەر قەرەوێڵەكەی خۆم و رووم لە دیوار دەكرد و بە كڕی و بێدەنگـــی دەمێك دەگریام تا كەف و كوڵم دادەمركایەوە ئینجا دەموچاوم دەشووشت و ئـــارام دەبوومەوە، من تاقانەی دایك و باوك بووم، جگە لەخۆم چوار خوشكم هەبوو، بەڵام دایك و باوكم بەتایبەتیش دایكم و خوشكەكانم هەمیشە و هەموو كات وەكو تاقانە مامەڵەیان لەگـــەڵ دەكـــردم، مردنی دایكم بەراســـتی كۆســـتێكی گەورە و كاریگەر بوو، بۆ من و بۆ خوشكەكانیشـــم كارەساتێكی راستەقینە و دڵتەزێن بوو، كە دایكم مرد من تەمەنم هێشتا دوانزە سێزدە ساڵانێك بوو، تەمەنێكی ناسك و هەســـتیار بوو، لەو تەمەنەدا چونكە زۆر نازم پێدرابوو، زۆر گۆش كرابووم، زۆر زۆر پێویستم بە دایكم هەبـــوو. بەتایبەتیش بە مردنی ئەو بۆشاییەكی گەورە لە ژیانم دروستبوو، دایكم هێشتا گەنج بوو كە مرد، خوشكەكانم هەموویان لە من گەورەتر بوون و گەیشـــتبوونە تەمەنی مێردكردن خوشـــكە بچووكەكـــەم نەبێت، دوو سێ مانگی پێچوو باوكم كەڵكەڵەی هێنانی ژنێكی تری كەوتە سەر و بە ماوەیەكی كورت ژنی هێنایەوە و ئێمەی كـــردە خاوەن باوەژن، دوو خوشـــكم پاش هاتنی باوەژنەكەم مێردیان كرد و چوونـــەماڵی خۆیـــان، دووەكەی تر مانەوە لەگەڵ من. لـــە بەدبەختی ئێمە ئەو باوەژنەم ئافرەتێكی تا بڵێی كەللە رەق و دڵرەق و بەرچاو تەنگ و رەزیل بوو، رقی دنیای لە ئێمە بەتایبەتیش من دەبۆوە، كەسێكی بە بۆڵە و بۆڵ و شـــەڕانگیز بوو، ئەو ماڵەی بەتەنیا بەهـــی خۆی دەزانی و وایدەزانی ئێمە لێیمان



كۆمەڵایەتی

گوڵان

# ـشیان كرد!!

زەوت كردووە، باوكیشـــی كردبووە ئەڵقە و لە پەنجەی خۆی كردبوو، بەتەواوەتی خستبویە ژێر كاریگەری خۆی و زاڵ ببوو بەسـەریدا. بۆیە بـە هەموو شـێوەیەك دژایەتی دەكردم و لەهەر پێداویسـتییەك كە پێویستیمان پێی بوایە، چەندی پێی كرابا بێبەشـی دەكردین و سێ سـاڵێك بەو پەڕی ناخۆشی و بێبەش و مەحرومیەتەوە بەرێمان كرد، دوای ئەو سـێ سـاڵە دوو خوشكەكەی تریشم مێردیان كرد و بەتەنیا لەگەڵ ئەو مرۆڤە بێ بەزەییە مامەوە و هێندەی دیكە فشاری دەخستە سەرم و رۆژ نەبوو لای باوكم بوختانێكم پێنەكات، وایلێهات لە چوونـە قوتابخانـە قەدەغـەی كردم و فەرمانەكەشی بە باوكم بەسەریدا سەپاندم. كە گەیشتمە (١٧) ساڵێك بەتەواوەتی لە ژیانی خـۆم بێزار و نائومێد بووم، وەرزی زسـتانی ئەو سـاڵەم بە لەرزە لەرز بەسـەربرد، كە لە بێ بەختی خۆم زۆر سـارد و بەستەڵەك بوو، باوەژنم بە زۆر لە ژوورێكی بچووكی سـارد و سـڕی پەسـتابووم، ئەگەر شەو تا بەیانی لەو ژوورەوە كە لێشـی دەخەوتم سۆبەی ئاگر نەسـووتایە تا رۆژ هەڵدەهات بە مسۆگەری دانـە چۆقەم دەهـات و نەخـۆش دەكەوتم، چەند جارێك بەهۆی بێ نەوتییەوە سـۆبەكەم هەڵنەدەكـرد. چەندی پێمدەگوت سـۆبەكەم نەوتی تیا نەماوە با نەوتی تێبكەم نەیدەهێشت و دەیگوت بەشی خۆمان ناكات ئەوجا نۆرەی تۆیە، ئینجا بیانـووی پێدەگووتم و دەیگوت ئیش ناكات و وەكو مەڕی دابەسـتی لەماڵ دانیشتووە وەڵڵا ئەوە چییە قوتابییە، خەریكی باوكم بوو، وەكو گوتم لە قوتابخانە دەریانكردم و باوكم لە چێشـتخانەیەك كردمییە شاگرد، كاتی كاركردنم بە رۆژ بوو لە چێشتخانەكەدا بەڵام زۆر شەو هەبوو شەوەكەی نەدەچوومەوە و لەناو چێشـتخانەكەدا دەخەوتـم. ئەوێم لە ماڵەوە زۆر پێ باشـتر بـوو، چونكە هەم لە بۆڵە بۆڵی ئەو رزگارم دەبوو هەمیش لە دەست ئەو ژوورە سـاردە قوتارم دەبـوو، ئەوە جگە لەوەی وەستاكەشـم پێی خۆش بوو، دەیگوت ئاگات لە چێشـتخانەكە دەبـێ و پارەیەكی زیادیشـی دەدامێ. لە چێشتخانەكەدا جگە لـە (غاز) پرێمزی نەوتیشـمان بـۆ لێنانی چێشـت بەكار دەهێنا بۆیە بە بەردەوامی دوو سـێ بەرمیل نەوتی پڕمان هەبوو، جا خاوەن چێشتخانەكە جگە لەوەی كە باوكمی دەناسی بۆرە خزمایەتییەكیشـی لەگەڵ باوكم هەبوو. جا لەبەر ئەوەی نەوت ئەو سـاڵانە زۆر كەم و زۆریـش گران بوو، بۆیـە زۆر ماڵ هەبوو نەیاندەتوانی شـەو تا بەیانی سۆبەی نەوت پێبكەن، بەڵكو بەرۆژ پێیان دەكرد و بە شەویش دەیانكوژاندەوە. جار جارە خاوەن چێشتخانەكە سـەردانی باوكمی دەكـرد و دەچووە ماڵەوە، باوەژنەكـەم چەند جارێك پێی گوتم باشـە ئێـوە مادام لـە چێشـتخانەدا ئەوەندە نەوتە زۆرەتان هەیە و باوكیشت بۆی ناكرێت بۆچی جارجارە تەنەكەیە نـەوت ناهێنیتەوە ماڵەوە؟ منیش هەموو جارێ رەتم دەكردەوە كە بە دزی وەستام شتی وابكەم، كەچی باوەژنەكەم زیاتر پێداگیری دەكـرد و كەوتە ململانێی وا وەكو قیرو بنێشـتە پێمەوە نووسـا. خودایە چ لەو ژنە بكەم، لە خۆڕایی دزیم پێدەكات سـەری كردۆتە سەرم بە ئامان و زەمان وازم لێناهێنێ، من ملم نەدەدا و ئەویـش وازی لێنەدەهێنام، پێم تاوانێكی گەورە بوو دزی لە وەسـتایەكەم بكەم چونكە لە باوكم زۆر زیاتر باوكایەتی بۆ دەكـردم و یارمەتیدەدام و متمانەی پێدەكردم. ئاخیرییەكـەی بەناچـاری تەنەكەیەك نەوتم لە بەرمیلەكان دەرهێنا و شـەوێك بە دزییەوە بردمەوە ماڵەوە، هەفتەیەكی پێچوو دیسـان داوای تەنەكەیەكی تـری لێكردم، ملم كەچ كرد و دووبارە كارە نەشـیاوەكەم كردەوە، زۆرم پێناخۆش بوو، بەڵام چ دەسـەڵاتم نەبوو، بە كورتی لە بەرنامەی دابوو هەموو هەفتەیەك تەنەكەیەك نەوتی بۆ ببەمەوە، هەفتەی سێیەم دیسـان بەملكەچییەوە هەمان شـتم كردەوە، ئەوەبوو ویژدانم زۆر ئازاری دەدام، بڕیار وابوو ئەگەر واز نەهێنێ، مەسـەلەكە بۆ وەستاكەم ئاشـكرا بكەم، تومەز لەتەنەكەی دووەمدا بە دزییەوە خەبەری وەسـتاكەمی دابوو، منیش ئاگام لێی نەبوو، بۆیە وەسـتاكەم بە رۆژ كە دەهاتە چێشـتخانە بێ ئەوەی من پێی بزانم سەیری بەرمیلەكانی دەكرد و حسابی دەكردن، ئـەو بەتەواوەتی گەیشـتە قەناعەت كە من نەوت لە بەرمیلەكان دەبەم، جاری چوارەم كە دوو هەفتەی پێچوو ئینجا دزییەكەم كردەوە. شەو نازانم چۆن وەستاكەم بە دزییەوە چاودێری دەكردم، بۆ بەختی منیش ئەویش بە كەسێكی ناپاك و دەسـت پیس و دزم تێگەیشتبوو، بۆ جـاری پێنجەم كە من خۆم یەكلا كردبۆوە بە وەسـتاكەم بڵێم و هەموو شتێكی بۆ ئاشكرا بكـەم، بەڵام هـەر هێندەم زانـی لە كاتی تێكردنـی نەوت كـە بەخۆی و دوو سـێ كارمەندی نەهێشتنی تاوان بە ژووری كۆگا كەوتن و مەسەلەكەم لێ ئاشكرا بوو، ئەوانیش كەلەپچەیان لەدەسـتم كـرد. چەندی كردم و كۆشام و پاڕامەوە گوتم بەس گوێم لێبگرە و بەسەرهاتەكەم بزانە، گوێی لێنەگرتم و تەنیا ئەوەندەی گوت: نەوتی چێشـتخانە بدزە و بە باوەژنەكەشـت بڵێ كڕیومە بۆ ئەوەی خۆت لای ئەو خۆشەویسـت بكەی. چیت هەیە و نییـە لای دادگا بیڵـێ، لای من مەیڵێ، چونكە باوەڕت پێناكەم، ئەوەبوو راپێچكرام و لێكۆڵینەوەم لەگەڵدا كرا.

دوو سێ مانگان لێكۆڵینەوە درێژەی كێشا و دادگاش پێنج سـاڵی رەبەقی بۆ بڕیمەوە، دوای بەسـەربردنی حوكمی بەندكردنەكەشم كـە هاتمـە دەرەوە باوەژنەكەم بەنەخۆشـی شـێرپەنجە مردبوو، باوكیشم چونكە فشاری خوێنی بەرز بوو، چارەسەریشـی وەرنەدەگرت و دەرمانی بـەكار نەدەهێنا، دوو سـێ جار جەڵتە لێیدابوو، دواجار شەوبوو لەماڵەوە ژانە سینگی گرتبوو، هەتا گەیشتبووە حەوشەكە بەربۆوە و هەر لەناو حەوشـەكەدا كەوتبوو و، گیانی سپاردبوو، خەڵك بەرێكەوت بەتایبەتی هاوسـێكان زانیبویـان، بۆیـە كـە ماوەی بەندییەكەم تەواو كرد، هیچ ماڵ و حاڵێكمان نەبوو، خوشكە گەورەكەم منی بردە لای خۆی و دوای چەنـد مانگێك بـە یارمەتی ئەو و خوشكەكانی ترم ژنم هێنا و قۆناغێكی تر لە ژیانم دەستپێكرد.



**كە گیرام تەمەنم (١٩) ساڵێك دەبوو بە گیرانم و خرانە بەندیخانەوە روانگەم بۆ ژیان گۆڕا و بەندیخانە زۆر شتی نوێی فێركردم**



# خوێنی بەیار لە ئەستۆی کێدایە؟

ئا: خەندە گۆران



• ئەو کچە هەڵەیە کە بەم جۆرە بیردەکاتەوە، چونکە خۆشەویستەکەی کارێکی خراپی کرد، کاتێك دەستی چووە گیانی خۆی و بەو جۆرە وەڵامی زوڵمی دایك و باوکی دایەوە، پێویستە ئەو راستییە بزانێ کە مردنی خۆشەویستەکەی کۆتایی دونیا نییە و سەرباری نەهامەتی و ناخۆشییەکان، ژیان هەر بەردەوامە و دەکرێ جوانتر لەداهاتووی خۆی بڕوانێ.

ئەوەی کە سەرنجی راکێشام ئەو کچە بوو لەنێو قوتابییەکان کە سەرتاپای جلەکانی رەش بوو، ماوە ماوە بیر و خەیاڵی دوور دەڕۆیشت و یەکێك لە دەستە خوشکە قوتابییەکانی بە ئاگایان دەهێنایەوە، دووبارە دەیان هێنایەوە نێو کۆڕی گفتوگۆکان، زانیم رۆیشتنی بیر و خەیاڵی ئەم کچە نهێنییەکی شاراوەی

له پشت حەشار دراوە، بۆیە حەزم کرد لە نزیکەوە ئەم نهێنییە شاراوە بزانم ئەوە بوو ژمارە مۆبایلەکەم لە یەکێك لە هاورێکانی وەرگرتوو هەمان رۆژ پەیوەندیم پێوە کرد، سەرەتا حەزی نەکرد لەخۆی زیاتر کەس بەم نهێنییە بزانێت، بەڵام کاتێ هاتینە سەر قسەکردن لەبارەی کێشە و گرفتەکانی نێو کۆمەڵگا و دەرەنجام دەبێتە هۆی روودانی چەندین کارەساتی گەورە و دڵتەزێن، بەمجۆرە قەناعەتم پێکرد بەسەرهاتەکەی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە.

کاتێ رووبەڕووی داواکاری (بەیار) بوومەوە قوتابی شەشی ئامادەیی بووم، بەڵام رەوشت و هەڵسوکەوتی وای لێکردم داواکەی رەت نەکەمەوە، چونکە کاتێ قسەم لەگەڵدا کرد زانیم لە روخسار و هەڵسوکەوت و ناوەڕۆکیشدا شایستەی ئەوە نەبوو رەفزی بکەمەوە، لێرەوە خۆشەویستی نێوانمان دەستی پێکرد، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیم بە خوێندنە پەیوەندیم پێوە دەکرد و هەوڵم دەدا پەیوەندییەکەمان کاریگەری نەکاتە سەر خوێندنم، چونکە ئومێدی گەورەم بە ژیان هەبوو، چاوەڕوانی دوارۆژێکی گەشم لە خۆم دەکرد، نزیکەی سێ چوار مانگ بەسەر ئەم پەیوەندییەمان تێپەڕی بەڵام بەمجۆرە دیدار و قسەکردنمان نەکردبوو، هەرچەندە ئەو داوای لێدەکردم کە بەردەوام ببینێ، بەڵام من بڕیارم دابوو تا تاقیکردنەوەکانم ئەنجام نەدەم و قسە لەسەر هیچ شتێك نەکەین، ئەوە بوو دوا رۆژی تاقیکردنەوەکان بوو دیدارێکمان سازدا و یەکترمان بینی، پەیوەندییەکەمان رۆژ لە دوای رۆژ پتەو و قووڵتر دەبوو، (بەیار) کەسێك بوو خاوەن پەیامێکی جوان لە ئاوێنەی ژیانی ئەودا بەدی دەکرد هەستم دەکرد لەگەڵ ئەودا دوارۆژێکی گەشم دەبێت و دەتوانم بگەمە هەموو ئاواتەکانی ژیان، تا ئەنجامی تاقیکردنەوە دەرچوو چەندین دیدار و چاوپێکەوتنمان سازدا، ئەوە بوو ناوم لە کۆلیژی (...) دەرچوو، بەڵام پاشان کوت و پڕ پەیوەندییەکەمان کز بوو، ماوەیەك بەمجۆرە ماینەوە رۆژێك لە رێگەی مۆبایلەوە پەیوەندی پێوەکردم و پێی گوتم: مەسەلەکەی لای دایك و باوکی کردۆتەوە بەڵام ئەوان ئامادە نین بێن بۆ ماڵی ئێمە و بۆ خوازبێنی چونکە کچێکی ناسیاوی خۆیان پێش دوو ساڵ لەمەوبەر بۆم داخواز کردووە و دەڵێن دەبێ هەر ئەو بهێنی، ئەویش زۆر دڵگران بوو بەو کچە و تەنانەت لەکاتی قسەکردندا دەگریا و قسەی بەباشی بۆ نەدەکرا، دیاربوو پەیڤەکانی پڕ بوون لە راستی و خۆشەویستی، من لە بەرامبەردا پێم گوت، ماڵئاوا هیچ وەڵامێکم بۆت نییە، بەڵام هەرگیز لێت نابورم لە راستیدا لە ناخی دڵمەوە لێی بورابووم و لە چاوەکانی خۆم زیاتر خۆشم دەویست، بەڵام بەداخەوە نازانم تاکەی ئەمجۆرە دیاردانە لەنێو کۆمەڵگای ئێمە کۆتاییان نایەت، بۆ دەبێ دایك و باوك چارەنووسی منداڵەکانیان دیاری بکەن بۆ نابێ ئەوان بەخۆشی و ئارەزووی خۆیان دەستنیشانی ئەم چارەنووسە بکەن، بۆ دەبێ لە ژێر فشار و هەڕەشەوە ناچاریان بکەن مل بۆ داواکانیان کەچ بکەن؟ بەهەرحاڵ دوای ئەوەی کە ماڵئاواییم لێکرد، ئەو پێی گوتم ئازیزەکەم ئەگەر تۆ ماڵئاوابوون لە من دەکەی بەڵام من دەمێکە بڕیارمدا ماڵئاوایی لە ژیاندا بکەم، لێرەوە هەر دووکمان کۆتاییمان بە قسەکانمان هێنا بەڵام من بە راستیم نەبوو لەناخەوە دەسووتام، وامزانی ئەمیش وەکو جاران تەنیا لە بەرمن وا دەڵێت دوای کەمێکی تر وەکو جاران پەیوەندیم پێوە دەکاتەوە، ئەم قسانەمان دەمەو بەیانی بوو، بەڵام کات گەیشتە چوار و پێنجی ئێوارەش هەر پەیوەندی نەکرد، بەراستی نەمتوانی چیتر خۆم پێ رانەگیرا قسەی لەگەڵدا نەکەم وامدەزانی روح لە جەستەمدا نییە و شتێکی بە نرخم ونکردووە و جەستەیەکی بێ هەست و گیانم، ئەوکات زانیم دنیا هیچ تام و مانایەکی بێ ئەو نییە، بۆیە زەنگم بۆ لێدا بەڵام هیچ وەڵام نەبوو، بۆ جاری دووەمیش وەڵام نەبوو، کات بووە دوانزەی ئەو هیچ هەواڵێکم دەربارەی نەزانی، نازانم ئەوم چۆن بەڕێ کرد و بەیانی زوو بەرەو شوێنی کارەکەی کەوتمە رێ، هەواڵیم پرسی بەڵام دیاربوو ئەوانیش هیچیان دەربارەی نەدەزانی، چونکە تازە ماوەیەکی زۆر کەمبوو لەم شوێنە دامەزرابوو، ئەوەندە تێکەڵ نەبوو لەگەڵ فەرمانبەرەکان، بۆیە ئەو رۆژە زۆر بێ تاقەت بووم نەمتوانی بچمە کۆلێژیش، پەیوەندیم بە یەکێك لە هاورێکانم کرد و پێم گوت مۆڵەتم بۆ وەربگرێ، چونکە باری تەندروستیم باش نییە، رۆژی دوایش هەر بەمجۆرە مامەوە و هیچ هەواڵێکم دەربارەی ئەو بەدەست نەکەوت، لە چرکەیەکدا دە جار پەیوەندیم دەکرد تا لە پەیوەندییەکیاندا گوێم لە دەنگی کەسێك بوو پێی گوتم فەرموو: گوتم توخوا ئەگەر زەحمەت نەبێ دەمەوێ قسە لەگەڵ (بەیار) بکەم، تکایە بەڵام ئەو پێی گوتم ببورە ناتوانێ قسە بکات، باری تەندروستی باش نییە و لە ژێر چاودێری دکتۆردایە، خەریك بوو ببورێمەوە گوتم، کەسێکم کوشت گیانێکم کوشت خۆشەویستێکم لە دەست چوو، تاسام و گیانم کەوتە لەرزین، وامزانی تاوانێکم کردووە، گوتم من هۆکاری کوشتنی (بەیار) بووم، بەڵام ئەو پێی گوتم نەخێر تۆ تاوانبار نیت بەڵکو تاوانبار دایك و باوکین، حەزم کرد راستی شتەکە بزانم، ئەو کابرایە گوتی: چەند رۆژێك لە مەوبەر دایك و باوکی و خزمەکانی لە ژێر فشار و هەڕەشەدا (بەیار)یان بردووە بۆ ماڵی ئەو کچە و ئەو کچەیان بە زۆر لێ مارەکردووە و ئەوە چەند رۆژە لەم ماڵە بەس شەڕ و ناخۆشییە و (بەیار) بەهیچ جۆرێ بەم کچە رازی نەبووە، هەر لە رقی ئەوانیش بڕیاری مەرگی بەسەر خۆی سەپاند. ئێمە لەو قسانە دابووین کاتێك دەنگی گریان و هاوار هاواری کەس و کاریم لە نێو موبایلەکە گوێ لێ بوو، بۆیە موبایلەکەی داخراو زانیم کە (بەیار) گیانی سپاردووە و ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، ئەو کات هەر بەم ناوەختە و بە پەلە خۆم گەیاندە نەخۆشخانە کە گەیشتم تازە جەنازەکەیان دەردەهێنا بۆ ئەوەی بیبەن بۆ دادی پزیشکی هاوار و گریان و رۆڕۆی دایك و خوشکەکانی ئەم ناوەی پڕ کردبوو، منیش خۆم بە کەسێکی زۆر بێ دەسەڵات و لاواز دەهاتە بەرچاو کە بەرامبەر ئەو کارەساتە هیچم پێ نەدەکرا، بۆیە بە چاوی پڕ فرمێسك و دڵێکی پڕ لەخەم گەڕامەوە ماڵەوە و لەو رۆژیەوە بڕیارمداوە چۆن (بەیار) ئەم دنیایەی نەبینی منیش وەکو ئەو بە جلی رەش و چاویلکەی رەشەوە سەیری ژیان و دونیا بکەم.

**ئەو کچە هەڵەیە کە بەم جۆرە بیردەکاتەوە، چونکە خۆشەویستەکەی کارێکی خراپی کرد، کاتێك دەستی چووە گیانی خۆی و بەو جۆرە وەڵامی زوڵمی دایك و باوکی دایەوە، پێویستە ئەو راستییە بزانێ کە مردنی خۆشەویستەکەی کۆتایی دونیا نییە و سەرباری نەهامەتی و ناخۆشییەکان، ژیان هەر بەردەوامە و دەکرێ جوانتر لەداهاتووی خۆی بروانێ**




### حەسرەتێك پێنج ساڵی كێشا

(بـــژار) و(نیـــان) پاش پێنج ســـاڵان تلانەوە و حەســـرەت، پێنج ســـاڵی ڕەبەق ئازار و شـــەونخونی بەیەك نەگەیشـــتن و چاوەڕوانییان بەو پەڕی ســـەبرەوە چەشت، ئەوانـــە بڕیـــاری خۆیان دابـــوو، ئەوەی كە ڕێگری ســـەرەكی بەیەك گەیشتنیان بوو باوكی نیان بـــوو ئەوانەی بڕیارەكەی خۆیـــان لەویـــش گەیاندبـــوو، دوای ئەو مـــاوە دوور و درێـــژە ئاخیرییەكەی باوكە كەللـــە ڕەقەكەی(نیـــان) ڕازی بوو(نیان) بدرێتە(بـــژار) ، بـــەڵام دوای ئەو ڕازی بوونەش هەر نەبووە هۆی ئەوەی بەڕاستی بگەنە یەكتـــر.. بۆچی و چی بووە ڕێگر دیسان ؟ با لە زاری (بژار) خۆی ببیستین و بیزانین..(بژار) چیرۆكی خۆشەویستی و پەیوەندی نێوان خۆی و (نیان) بەمشێوەیە دەگێڕێتـــەوە و دەڵێ: من و (نیان) پێكەوە لـــە فەرمانگەیـــەك بووین، هـــەر چەندە من ســـاڵێك پێش ئـــەو دامەزرابووم، بەڵام نزیكەی شـــەش ســـاڵان لەو فەرمانگەیە پێكەوە بووین ، كە لە فەرمانگەكەی ئێمە دامەزرا، هـــەر زوو ڕۆژی یەكەمی دەوام كردنی ســـەرنجی ڕاكێشام و چووە دڵمەوە، بەڵام تا پەیوەندییەكەمان دروســـتبوو چوار پێنج مانگی خایاند.. بەڵام (نیان) بەهیچ شـــێوەیەك بەنیازی پەیوەندی دروستكردن نەبوو، هەر پەیوەنـــدی و بەس، ئەو دوای ئەوەی كە كەسی بەرامبەری بەدڵی دەبێ و باش هەڵیدەسەنگێنی ئینجا بڕیاری ئەوە دەدات كـــە ڕازی دەبێ بـــە پەیوەندییەكە، بەڵام دەشبێ ئەنجامەكەشی دیار و ئاشكرا و ڕاشـــكاوانە بێت، نەك بۆ چارەنووســـی لێبگەڕێ و بەس، من كە هەوڵ و كۆششم دەدا دڵی خۆمی پێبڵێم لە ڕێی كچێكی هاوڕێمەوە، ئەو بەو شێوەیە وەڵامی دابۆوە، بۆیە ماوەیەكـــی زۆری پێچوو، تاوەكو بە تەواوەتی لە نیاز و مەرامی من گەیشـــت و لێم دڵنیابـــوو ئینجا ڕازی بوو پەیوەندیم لەگەڵـــدا ببەســـێ، ئەوەبوو مـــن ماڵی خۆمانـــم ئاگاداركردەوە كە بەنیازی فڵانە كچـــم ئەوانیـــش دوای ماوەیەك گەڕان و سۆراغكردن ڕازی بوون لەسەر ئەوەی دوای خۆ ئامادەكردنم و سازكردنی كەلوپەلەكانی ناوماڵ و هەرچی پێداویســـتی پێكهێنانی ژیانی هاوسەرێتی هەیە و ئەوەی لە توانام دابوو كڕیـــم و دامنـــان، نزیكەی حەوت هەشت مانگ بەســـەر پەیوەندییەكەماندا ڕەتبـــوو، ئینجا ژنان چوونـــە داخوازی و پاش قســـە و گفتوگۆی چەند هەفتەی ئەوان، دواتر مەسەلەكە كەوتە لای پیاوان و ئەوانیش تاوتوێی باسەكەیان كرد و ڕازی بوون لەســـەر ئەوەی كە ماڵی داخوازیكەر بێنە پێشـــەوە، ئەوەبوو شـــەوێكیان بۆ ئەم مەبەســـتە دانا، كە پیاوان بچنە داخوازی، لـــە ڕۆژی دیاریكـــراودا ئێمـــە چووین و دوای چاخواردنەوە مامم قســـەی كرد و باســـەكەی كردەوە، ئەوانیش قســـەكانیان وەرگـــرت و پاشـــان، باوكی (نیان)بەمنی گوت(نیان) چۆن دەناســـی؟گوتم پێكەوە لەیەك فەرمانگەین یەكـــێ لە مامەكانم لـــە دەمی دەرچوو گوتی: مامە(عزەدین) (ناوی باوكی نیان بـــوو)، ئەوانە دەمێكە دڵیـــان بەیەكەوەیە، مام(عزەدین)ی باوكی (نیان) لەم قســـەیە تێكچوو، دەمووچاوی ســـوور هەڵگەڕا و تۆزێك گرژ بوو، بەڵام سەرەتا بەسەرخۆیدا نەهێنا، گوتی: دڵیان بەیەكەوەیە مانای چییە؟ لەو قســـەیەی جەنابـــت تێگەیشـــتم ئەوانـــە یەكتریـــان خۆشدەوێت؟ مامیشم بەوپەڕی دڵسافی و خۆش باوەڕییەوە گوتی: ئەرێ وەڵڵا هێندە یەكترییان خۆشدەوێت هەتا خوا دڵێ بەسە، باوكی(نیان) سەیرێكی منی كرد، گوتی: وایە (بژار)؟ منیش وەڵامیم نەدایەوە.

دیسان پرســـییەوە و گوتی: كوڕم قسە بكە خۆشەویســـتی عەیبی تێدا نییە، من دڵم بـــەوە خۆش دەبێ ئەگەر بەڕاســـتی قســـەم لەگەڵدا بكەی، تا بتوانم متمانەت پێ بكەم، ئەو قســـەیەی هەم تۆزێك شەرم و ترسی شـــكاندم، هەمیش قەناعەتم بەوە



# ســـەیرە كوڵم


هات ئەگەر راستییەکەی پێ بڵێم بەراستی وا دەبێ و متمانەم لـــەلای زیاتر دەبێ و خۆشەویســـتتر دەبم، بۆیە منیش لە دەمم دەرچـــوو گوتم: بەڵـــێ دەمێکە یەکترمان خـــۆش دەوێ، ئەوەندە قســـەیە بەس بوو کە وەك فیشەکە شـــێتە بتەقێتەوە ، ئینجا کردیە، هاتوو هاوار و نەڕە نەڕێك نەبێتەوە، چەنـــدی دانیشـــتووانی مەجلیســـەکە، مامۆستای ئایینی، پیاو ماقوڵان قسەیان کرد و عوزر خوازیان هێنایەوە بێ ســـوود بوو، لەکەلی شـــەیتان نەهاتـــە خوارەوە و داخوازییەکـــەی رەتکـــردەوە ، جەماعەت مردن و سووتان لەگەڵی بەڵام نەیانتوانی پەشیمانی بکەنەوە، ئاخرییەکەی پێیگوتین براینە فەرموون شـــتێك نەما بگوترێ، بە کورتی دەریکردین، پیاوانی مەجلیســـەکە گوتیان: ئەوانە یەکتریان خۆشبوێت باشترە، خۆی نیازیان پاکە و ئەگەر یەکتریشـــیان خۆشدەوێت خۆشەویســـتییەکی راستەقینە و بێگەردە، هیچ قسەیەك باوکی (نیان)ی لە رای خۆی پەشـــمان نەکـــردەوە ئێمەش ناچاربووین بە دڵشکاوییەوە مەجلیسەکە، بەجێ بێلین و بگەڕێینەوە، ماوەیەك بەسەر داچوو باوکم چەند کەسێکی تری ناردەوە، بەڵام لەبەرامبەر سووربوونی باوکی (نیان) لەسەر هەڵوێستە سلبیەکەی خۆی ئەوایش بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە، من و(نیان)یش بە خـــەم و خەفەتی خۆمـــانماینەوە لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی باوکی (نیان)دا، من و (نیان)یش بەڵێنمان بەیەکدا کە لەسەر خۆشەویســـتی و هەڵوێســـتی خۆمان، بە دڵسۆزی و خۆشەویستی بمێنینەوە، ئەوەبوو چەندین کـــەس دەچـــووە داخوازی (نیان) ئەویش هەموویانی رەتدەکردەوە، بەوە باش بوو باوکی (نیان) بـــە زۆری زۆردارەکی کچەکەی بە مێرد نەدەدا، ئێمەش لەبەرامبەر ئەمە دا ســـەبر و ئارامیمـــان هەڵبژارد و رێگەی دادگامان نەگرتەبەر و نەمانکردە ناخۆشی، بەتایبەتی کە بنەماڵەی (نیان) رێزێکی زۆر بۆ گەورەکانیان دادەنا، بەڵام چاوەڕوانیش تاکەی..؟.

## پاش رازی بوون و مارەکردن

رەتکردنـــەوە و بێدەنگـــی بوون تاســـەر مومکیـــن نییـــە، لە مەســـەلەیەکی وەك خۆشەویســـتی و داخوازیکـــردن درێـــژە بکێشێ، هەر وەك(بژار) خۆی باسی دەکات و دەڵێ: کەســـوکاری هەردوولامان خەم و خەفەتیان بۆ دەخواردین و دوای بەســـەر چوونی پێنج ســـاڵ و هەوڵ و کۆششی دیکەش ئاخیرییەکەی باوکی (نیان) رازی بوو (نیان)کچیم بداتـــێ و رێگەیدا لەیەك مـــارە بکرێن، ئەم رووداوە بۆ (من و نیان) ســـەر لە نوێ لە دایکبوونـــەوە و ژیانەوە بوو، بۆیە پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، پاش ســـەبرو تەحمولێکی زۆر بەیککەیشتین،.. دوای مارەکـــردن و شـــەکراو خواردنەوە و ئەو جۆرە رێوەرســـمانە هـــەردوو بنەماڵە لەســـەر رۆژێك بۆ ســـازدانی رێورەسمی گواســـتنەوە و زەماوەندکـــردن رێکەوتین، رۆژی زەماوەندکـــردن و هەڵگرتنی بووك لە ماڵـــی بوکێ هەینی بـــوو، ئەو رۆژە ئێمە خۆمان ســـازکرد بۆ ئـــەوەی بچین بـــە ئۆتۆمبێل(بـــووك) هەڵبگرین، دیارە رۆژی زەماوەندیـــش بـــە حوکمی ئەوەی بۆنەیەکی خۆشەو هەموو لایەك دڵخۆش و شـــادمانن و خەڵکێکـــی زۆر داوەت دەکرێن هەم بـــۆ ئاهەنگەکە و هەمیش بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، ئەوەبوو رۆژی هەینی پاش تەواوکردنی پێداویســـتییەکانی دی بە چەند ئۆتۆمبێلێك بـــەڕێ کەوتین بۆ ماڵی بووکێ بۆ هەڵگرتنی بووك لە پێش ماڵی (نیـــان) قەرەباڵغییەکی زۆر هەبوو، کە گەیشـــتین ئۆتۆمبیلمـــان راگرت و پاش مانەوەی پتر لـــە کاتژمێرێك، ئیتر بووکمان ســـواری ئۆتۆمبیل کرد، ئەوانی دیش هەموو ســـواری ئۆتۆمبیلی خۆیان بوون بۆ بەڕێکەوتن، کە ئۆتۆمبێلەکەم بە ئیش خســـت هەندێ منداڵ و ژنم لە پێش وەستابوو دوو ئۆتۆمبیلی دیکەش پێشیان گرتبووم لە ناو ئۆتۆمبیلەکەی خۆم باوکم


باوکی نیان گوتی: یان بە گرتنت دەدەم و شکایەتت لێدەکەم، یان دەبێ(نیان) تەڵاق بدەی، منیش لەبەر ئەوەی خۆم بە گوناهبار دەزانی و چاو و رووم نەبوو، ناچار بووم بڵێم تەڵاقی دەدەم

و ماموژنم و (نیان) سواربوون، ئەوان بە منیان گوت پێشت گیراوە ناتوانی دەربچێ تۆزێك بڕۆ دواوە و پێچ پکەوە تا بتوانی دەرچی و لەم حەشامەتەش رزگارمان بێت، یەك دوو ژنیش گوتیان برۆ دواوە تا بتوانی بوار وەربگری و دەربچی، لەبەربەختی من برایەکی (نیان) لەپشت ئۆتۆمبێلەکەم بوو، لەسەر چینچکان دانیشتبوو خەریکی بەستنی قەیتانی پێڵاوەکەی بوو، ڕێك لە پشت تایەی دواوەش دانیشتبوو، چۆن گەڕامەوە دواوە یەکسەر کەوتە ژێر ئۆتۆمبێلەکەم و تایەی دواوە بەسەر سەریدا کەوت و سەری پان کردەوە و دەموودەست و هەر لەبن ئۆتۆمبێل گیانی لە دەستدا، ئەم ڕووداوە هەمووی چەند چرکەیەکی نەخایاند و یەکسەر دەنگ و قیژە و هاواری ژن و پیاوان بەرزبۆوە و ڕاوەستە ڕاوەستە بەسەری کەوتی و وەڵڵا کوشتت لە دەمی سەد کەس هاتە دەرەوە، لە دڵی خۆم گوتم، بەخوا هەر واش بوو برایەکی (نیان) بوو شێلام و دەمودەست کوشتم، ئیتر ماڵم وێران بوو، شایی و زەماوەند بوو شین و تازییە و گریان و فیغان و لە خۆدان، کەس ئاگای لە بووك و زەماوەند و ژنگواستنەوە نەما، باوکی (نیان) کە مەلەسەکەی زانی یەکسەر لە هۆش خۆی چوو، ئەویش گەیەندرایە نەخۆشخانە ئیتر لە جیاتی خۆشی شین و لەخۆدان و خۆڕنینەوە و تازیە هاتە پێشەوە... سێ ڕۆژ لە مزگەوت و دوو ڕۆژی تریش لە ماڵ، باوکی (نیان) گوتی: یا بە گرتنت دەدەم و شکایەتت لێدەکەم یان دەبێ (نیان) تەڵاق بدەی، منیش چونکە خۆم بە گوناهبار و تاوانبار دەزانی و شتەکە لە دەست من قەوما بوو، زمانم لاڵ ببوو، چاو و ڕووی هیچم نەبوو بیڵێم، ئاخیرییەکەی ناچاربووم، (نیان) تەڵاق بدەم، پاش پێنج ساڵ چاوەڕوانی ئەوەش قەدەرم بوو، ئەوە چوار پێنج مانگ بەسەر ئەم ڕووداوەدا ڕەتبوو هەر کەسە لە ماڵی خۆیەتی و چاوەڕێم شتێك، پاکانەیەکم بکەوێتە دەست ئەو هەڵە ڕاست بکەمەوە کە خواش دەزانی هەڵەی منی تێدانەبوو، ئەگەر ئەوانی ئەوێندەر نەیانگوتبا بکشێوە دواوە، من نەدەهاتمە دواوەو و ڕۆژێك بێت بێ کێشە ئەو کەسە مارە بکەمەوە کە بەبێ ئیرادەی خۆم تەڵاقم دا.



# چۆن دەلال ڕفێندرا؟

ئا: خەندە گۆران



ئەرکی پــەروەردەی منداڵ بە پلەیەك لەسەرشــانی دایك و باوکە و ئەوان بەرپرســیارن لە چۆنییەتی پــەروەردە کردنی ئــەو منداڵــە، جــا بەیانی منداڵێکی زیرەك و بە کەڵکی لێ دەرچێــت یاخود پیاوکوژ و جەردە و بەدڕەوشــت، بۆیە منــداڵ هەرگیز تاوانبار نییە لەو کارانەی کە لە داهاتوودا دەیکات، پێویستە لەسەر دایك و باوك، منداڵەکانیان لەســەر پەروەردەیەکی راست و دروست و زانســتییانە پەروەردە بکەن، نەوەکو ئەمجــۆرە پەروەردەی کــە (دەلال)ی تێیدا پەروردەدە کراوە.

(دەلال) کچێکــی تەمــەن (٢٠) ساڵانی رشەئەسمەری باڵابەرز بوو، زۆر بەپەشۆکاویم چاو فرمێسکەوە و گوێم لێ بوو دەیگوت: نەخێر نامەوێ کەس ببینــم و کەس بێتە لام بەتایبەتــی دایــك و باوکم، چونکە ئەوان بوونە هۆکاری ئــەوەی من وام بەســەر بێت و بێمــە ئەم شــوێنە، زۆربە غەمباری و داماوی چوو لە سوچێکی ژوورەکەدا دانیشت دوای کەمێك بێدەنگی دیاربوو خەیاڵی دوور رۆیشتبوو، بەرەو سەردەمی منداڵییەتی و یادی شەڕ و یاری منداڵانەی دەکرد ئەو تەنیا بە جەستە لەوێ بوو، بەڵام بە بیروخەیاڵی گەڕابۆوە تەمەنــی منداڵییەتی، حەزم کــرد لێی نزیك ببمــەوە و تا راستی بەسەرهاتەکەیم بۆ باس بکات، کە سڵاوم لێکرد گوێی لە دەنگم نەبوو، بۆیە دووبارەم کــردەوە و زۆر بەبێ تاقەتی ســەلامەکەی وەرگرتمەوە کە خۆم پێی ناساند و داوام لێکرد و باسی بەسەرهاتی خوێیم بۆ بگێڕێتەوە سەرەتا ئامادە نەبوو، بەڵام دوای وەرگرتنی چەند بەڵێنێك لێم ئەوکات ئامادەیی خۆی دەربڕی کە باسەکەم بۆ بگێڕێتەوە، (دەلال) بەچاوێکی پڕ فرمێسك گوزارشــتی لەبەســەر هاتی خۆی کرد: گوتی: ناوم (دەلال)ە و نیشتەجێی یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەرن شاری (....) و لە خێزانێکی هەژارو کەمدەرامەت پەروەردە بوومە، خێزانەکەم لــە چوار کچ و چوار کــوڕ لەگەڵ دایك و باوکم پێکهاتووە، کە هەردەم جیاوازی زۆریان لە نێوان کچەکان و کــوڕەکان دەکــرد، مــن دووەم کچی خێزانەکەمم، ئــەو پەروەردەیی کە ئێمەی تیــا گەورە بووە پەروەردەیەکی ســەقەتی بێ مانا بوو، هەربۆیەش من گەیشــتمە ئەو رۆژە کە هەتا ماوم برینەکانم ســارێژ نابێت و لە دۆزەخێکی هەمیشەیی دەژیم، دوای هەڵکێشــانی هەناسەیەکی پڕ خەم، دووبــارە گوتی: بەداخــەوە دایك و باوك دەبێ بەرپرسیاریەتی منداڵەکانیان بخەنە ئەســتۆ چونکە ئەوان بەرپرسیارن لە هەر هەڵەیەکــی کە ئەو منداڵە دەیکات، بەڵام بەداخەوە دایك و باوکی من بەرامبەر ئێمە هیچ کات هەســتیان بەو بەرپرسیارییەتیە نەدەکــرد، لەبیرمە کە منداڵ بووم رۆژانە و لەسەرهەڵەیەکی زۆر بچوك لێیان دەدام و راویان دەنــام و منیش رام دەکردە دەرێ و هەنــدێ رۆژ هەبوو بەبێ نانخواردن کە بــە دزی دەگەڕامەوە مــاڵ، بە چاوی پڕ فرمێســك لەســەر جێگاکەم خەوم لێ دەکــەوت، دایك و باوکی مــن ئەمجۆرە دایك و باوکە نەبوون بە قســەی خۆش و بــە ئامۆژگاری لە گەڵمانــدا بدوێن، تا هەڵەی پێشــوو دووبــارە نەکەینەوە، بۆیە بــۆ بەیانی هەمــان هەڵەی پێشــوومان دەکردەوە و هەمان بەزمی ئەوانیش دەستی پــێ دەکردەوە، ئێمە نەمــان دەزانی خۆبە چــی خەریك بکەین، یــەك دوو کاتژمێر لــە یاری ناو منــداڵ و دوای ئەوەی لە لەوەڕاندنــی مەڕ و بزن دەگەڕاینەوە کەوا ماســتی بەیانیانی پێ دەدایــن، چونکە لە گوندەکەی ئێمە قوتابخانە نەبوو ئەوە چەند ســاڵێکە قوتابخانەیان لێ دروست کردووە، بــۆ ئەوەی بچینــە قوتابخانــە و فێری خوێنــدەواری بین بەڵام بەم دواییە کەمێك خوێندەواریمــان لە منداڵــە قوتابییەکان وەرگــرت، بووینە نیمچــە خوێندەوارێك، تا گەیشــتمە تەمەنی (١٨-٢٠) ساڵان دایك و باوکم هەر هەڵسوکەوتی منداڵیان لەگەڵ دەکــردم و لــە بچووکترین هەڵە گوێم لە قســەی ناخۆشی ئەوان دەبووەوە، بۆیە بڕیارمدا ئەمجــارە ماڵ جێبهێڵم و بچمە ماڵی خوشــکم لە گوندی (....) لە گوندەکەی خۆمــان دەرچووم، چوومە ســەر رێــگا و و ئۆتۆمبیلێك بێت داوای لێ بکەم بمگەیەنێتە ئــەم گوندەم دوای کەمێك ئۆتۆمبیلێکی ژمارەی نینوی لە تەنیشتم راوەستاو دوو کەسی تێدا بوو پیان گوتم بۆ کوێ دەڕۆیت بتگەیەنین؟ گوتم: دەچمە گونــدی (....) گوتیان باشــە سەرکەوە لەســەر رێگاو منیش لەگەڵیان سەرکەوتم، بەڵام دوای کەمێك لە رێگای قیرلایانــدا و کەوتنە رێگای خۆڵ منیش یەکڕاست دەســتم بە هاوار کرد و گوتم: بۆ کوێم دەبــەن، گوتیان: دەمەت داخە و قســە مەکە ئەگینا ئێستا لێرە دەتکوژین، رۆیشتین تاو گەیشــتینە شاری موسڵ لەوێ منیان بردە خانوویەك کەســی تیادا نەبوو دەرگایان لەسەرم داخست و بۆ دوای نیــوەڕۆ یەکێکیان گــەڕاوە لام، هەوڵیدا خــۆم لێ نزیك بکاتەوە، بــەڵام من خۆم نەدەدا دەست ئەو هەوڵی چەند جارە کردەوە ئەمجارەیان بەهۆی لێــدان و توندوتیژی دەســتدرێژی سێکسی کردە ســەرم، ئەم کارەش بــە جارێــك و دووجــار کۆتایی نەهــات، بەڵکو چەندین جار دووبارە بۆوە، چەند رۆژ بەمجۆرە مامەوە دەبوایە رۆژانە خواردنیان بۆ ئامادە بکەم، رۆژێك هەوڵی راکردنــم دا، بەڵام زانیان و منیان گرتەوە و زۆریان لێدام، رۆژێك مریشکێکیان هێنا و گوتیــان بۆمانی ئامــادە کە، منیش خۆم بە مریشــکەکە خەریــك کرد و بیرم لە دەرباز بوون و خــۆ رزگارکردن کردووە کە هەردووکیان چوونــە ژوورەوە، منیش دەرگام لەســەریان داخســت و رامکــردە دەرەوە، خۆم گەیاندە سەرشــەقام و دەستم لە ئۆتۆمبیلێك بــەرز کرد و رای گرت، گوتم دەکرێ هەتــا کۆمەڵگای (....) بمگەیەنــێ گوتی: ســەرکەوە منی بردە نزیــك بازگەی ئەم کۆمەڵگایە و گوتی: دەکرێ ئێســتا دابەزی ئەوە بازگەی ئەم کۆمەڵگایەیە، منیــش دابەزیم و چوومە لایان وباسی بەسەرهاتی خۆم بۆکردن، هەر لــەوێ داوای ژمارەی مۆبایلی باوکمیان کــرد، بەڵام نەمدەزانــی چونکە حەزم لە گەڕانەوە بۆ دۆزەخی ماڵ نەبوو، ئێستاش وا دەمبینی لێرە گیرساومەتەوە و خەڵکەکە منیان رەوانەی ئەو سەنتەرە کرد و ئێستاش لە ژێر پارێزگاری ئەواندام.

**پەروەردە ئەساسی کەسایەتی مرۆڤە بەتایبەتی سەردەمی منداڵیدا، چونکە لەوێوە تاک هەموو باشی و خراپییەکان و خەوش و نەنگییەکان بۆ قۆناغێکی دیکە دەگوازێتەوە و زەحمەت لێیان رزگار دەبێ، هەرچەندە باوک و دایکی (دەلال) بە نادروست و نەزانی ئەویان پەروەردە کرد، بەڵام هەڵاتنی ئەو کچەش لە ماڵ هەڵەیەکی دیکە بوو چونکە بەمجۆرە خۆی تەسلیمی داهاتوویەکی نادیارکرد**

لین ڕیچاردسەن، لەزانکۆی لا ترۆبی ئۆستڕاڵی (La Trobe University) بۆ گوڵان:

# فێمینیزم زیانی لەپرسی ئافرەتداوە لەجیاتی ئەوەی ئافرەتان یەکسان لەگەڵ پیاوان نیشانبدەن، هەوڵیاندا ببن بەپیاو



*پرۆفیسۆر لین ڕیچاردسەن، ماستەری لەبواری سۆشیۆلۆژیا لەزانکۆی لا ترۆبی ئۆستڕاڵی (La Trobe University) بەدەستهێناوە و دکتۆرای لەبواری "ئافرەت لەکەنیسەدا" لەئەنستیتیۆتی واگنەر لیدەرشیپ (Wagner Leadership Institute) لەویلایەتی کۆلۆرادۆی ئەمریکی وەرگرتووە. ئەندامی ڕێکخراوی ناحکومی ئافرەتانی جیهانە بۆ ژیان (World's Women for Life) و لەکۆنفراس و کۆنگرە جیهانییەکان وەك گوتەبێژ کاردەکات. ناوبراو لەدیمانەیەکدا بەمشێوەیە بۆمان هاتە ئاخاوتن.*

**فێمینیستەکان هەوڵیاندا ئافرەت بکەن بەپیاو. لەجلوبەرگ و شێوەی ڕوخسار و قژدا خۆیان وەک پیاوان لێدەکرد و تەنانەت هەندێجار مووی لەشیان دەهێشتەوە و نەیاندەتاشی، لەجیاتی ئەوەی بڵێن من ئافرەتم و شانازی پێوە دەکەم هەوڵیاندا خۆیان بکەن بەپیاو**

*** لەسەدەی ڕابردوودا بزاڤی فیمینیزم بەشکڵ و تەوژمێکی بەهێز سەرەتا لەڕۆژئاوا و دواتر لەڕۆژهەڵات خۆی دەرخست، ئێستا تەوژمی ئەو بزاڤە چۆن دەبینن؟**

- من پێموایە ئێستا تا ڕادەیەك یەکسانبووە. سەرەتا زۆر بە گوڕوتین دەرکەوت و ئامانجی گۆڕینی هەموو شتێك بوو. نووسەری زۆر بەناوبانگ سەریانهەڵدا و چەندین کتێبی بەهێزی نووسەران گۆڕانکاریان بەسەر هەڵوێستی ئافرەتاندا هێنا. زۆربەشمان لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەو نووسەرانە نین، بەڵام سەرەڕای جیاوازیەکان زۆر بەتوندی بڕوامان بەیەکسانی ئافرەت هەیە پێمانوایە هەمان بەهای پیاوی هەیە. هەرچەندە ئێمەی ئافرەتان شتەکان بەشێوەی جیاوازتر سەیر دەکەین، لەبەرئەوەی بەهێزنین و پیاوان لەئێمە بەهێزترن، بەڵام هاوشێوەی پیاوان خاوەنی مێشك و ئەقڵین.

*** هەندێك پێیانوایە تەنیا فێمینیزم بەس نییە یان لە توانایدا نییە بۆ ڕزگارکردنی ئافرەتان لەو زوڵم و ناعەدالیەتەی کە دەرهەقیان ئەنجامدەدرێت و دەڵێن، بەگشتی فێمینیستەکان شکستیانهێنا لەو تروحاتانەی کە پێشکەشیاندەکرد، ئێوە لەمبارەیەوە چی دەڵێن؟**

- لەڕاستیدا ڕەنگە ئەوە ڕاست بێت، چونکە پێموایە بەڕێگەیەکی هەڵە دەستیان بەکارکرد و ئەو کارەی کردیان بریتیبوو لەزیاتر توندوتیژکردنی ئافرەتان. ئێمە وەك ڕێکخراوی ئافرەتانی جیهان بۆ ژیان (WWFL) ئامانجمان گۆڕینی ئافرەت نییە چونکە ئەوان لە پرسەکە دەگەن، بەڵکو پێویستە نیوەکەی تر کە پیاوانن بگۆڕین. ئەمەش لەڕێگەی جەنگ ڕوونادات، بەڵکو لەڕێگەی پرۆسەی پەروەردەوە دەکرێت. ئەمەش پرۆسەیەکی مێژووکردە و کاتی دەوێت و دەبێت نەوەکانی داهاتوو هەر لەمنداڵیەوە پەروەردە بکەیت تا فێری ڕێزگرتن لەئافرەت ببن.

*** بەشێك لە توێژەر و چاودێرانی ئەو بوارە بزاڤە فێمینیستەکانی ڕۆژهەڵات**

**بە نامونەزم وەسفدەکەن و وا تۆمەتباریان دەکەن کە هیچ ئیزافەیەکیان نەبووە، ئایا لەمبارەیەوە چ کۆمەنتارێکت هەیە؟**

- ڕەنگە تا ئێستا نەگەیشتبن بەئاستێکی باش و ئامانجیان نەپێکابێت، بەڵام پێموایە ئەوە شتێکە هەر دەبێت ڕوویدات، لەبەرئەوە تا ئەوکاتەی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی بۆ ئافرەت زامن نەکرێت هەرگیز کولتووری ژیان دروستنابێت، چونکە تەنها لەڕێگەی یەکسانییەوە کولتووری ژیان دروستدەکرێت. لێرەدا نموونەیەك دەهێنمەوە، من ژن و پیاوێکی هاوسەر دەناسم کە ئافرەتەکە کەسێکی زۆر بەهێزە و پیاوەکە کەسێکی بێدەنگە، لەبەرئەوەی پیاوەکە پێی گوتراوە دەبێت ئەو سەرکردە و دەسترۆ بێت هەمیشە هەوڵدەدات بەڵام ئەو هەوڵدانە نەخۆش و نائومێدی دەکات. بەڵام کاتێك زانی پێویست ناکات هەمیشە ئەو سەرکردە و بەهێز بێت و ژنەکەی دەتوانێت ئەوە بکات، هەستی بە حەسانەوە و خۆشی کرد. ئەگەر پیاوان ڕێگە بەئافرەتان بدەن ئەو کارەی دەتوانن ئەنجامی بدەن، ئەوا پیاوانیش دەحەسێنەوە.

*** پێتوایە لەڕێگەی هەڵاوێردنی ڕەگەزیەوە، واتە پۆلینکردنی کێشەکانی کۆمەڵ بەسەر گرفتی ئافرەتان و گرفتی پیاوان بگەینە چارەسەری، یان کێشەکان هاوبەشن و پێویستە وەك موعانات و کێشەی هەموو مرۆڤەکان تەماشابکرێن؟**

- بەڵێ کێشەی هەموو مرۆڤەکانە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا تا نیوەکەی تری پیاوان نەگۆڕین ناتوانیت پێگەی ئافرەت بگۆڕیت. هەرچەندە ئەوە کێشەی هەموو مرۆڤایەتیە بەڵام تا دەست بەگۆڕینی پێگەی ئافرەت نەکەیت بەردەوام پێشێلکاری و جیاکاری ڕوودەدات و هەرگیز ناوەستێت، تەنها تا ئەو کاتەی پیاوان ئافرەت بەیەکسان دەزانن. بۆیە پێویستە پیاو و ئافرەت بگۆڕێن ئەگەرنا هیچ شتێك گۆڕانی بەسەردا نایەت.

*** هەندێك پێیانوایە ئەو بزاڤ و جیاکارییە ئەوەندەی زیانی لەپرسی ئافرەتان داوە سوودی پێنەبەخشیوە، ئێوە چۆن لەو تەرحە ورد دەبنەوە؟**

- بەڵێ منیش پێموایە زیانی پێبەخشیوە، چونکە فێمینیزم زۆر ڕۆیشت و لەسنووری خۆی لایدا. لەجیاتی ئەوەی ئافرەتان وەك یەکسان لەگەڵ پیاوان نیشانبدەن، هەوڵیاندا ببن بەپیاو. لەمەدا هەڵەیانکرد، خۆی دەبێت تۆ وەك ئافرەت بیت و مێینەی خۆت لەجلوبەرگ و شێوە نیشان بدەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە وەك کەسێك مامەڵەم لەگەڵدا بکرێت کە خاوەنی ئەقڵی ساغم و خاوەن بەهای خۆمم. بەڵام بزاڤە فێمینیستەکان ئەوەیان نەکرد، بەڵکو فێمینیستەکان هەوڵیاندا ئافرەت بکەن بەپیاو. لەجلوبەرگ و شێوەی ڕوخسار و قژدا خۆیان وەك پیاوان لێدەکرد و تەنانەت هەندێجار مووی لەشیان دەهێشتەوە و نەیاندەتاشی، لەجیاتی ئەوەی بڵێن من ئافرەتم و شانازی پێوە دەکەم هەوڵیاندا خۆیان بکەن بەپیاو، بەڵام هەمان نرخ و بەهام هەبێت.

*** ئێستا بزاڤی پۆست فێمینیزم خەریکە تەشەنە دەکات هاوکات لێرە و لەوێش دەنگی ناڕەزایی پیاوانیش بەرزدەبێتەوە، ئەوانیش خۆیان بەچەوسێنراو و مەزلوم دەزانن، هەندێ لەپۆست فێمینیستەکان دەڵێن فێمینیزم چیتر بۆ کۆمەڵگای ئەمڕۆ بەکەڵك نییە. ئەمیلیا جۆنس لەنووسینێکدا دەڵێت تێکستەکانی پۆست فێمینیزم کە لەساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ سەریهەڵدا، دووەم چەرخی فێمینیزمی وەك قەوارەیەکی نەگۆڕ و قایم پیشاندا و بەوە ڕەخنەی لێگرت کە گشتگیرانە (generalization) بەکاردەهێنرێت. ئایا ئێوە چۆن لەمەودای ئەو بزاڤانە دەڕوانن؟**

- ئێستا زۆر لەپیاوان لەوڵاتی ئێمە و تەنانەت لەکەنیسەکاندا پێیانوایە جیاکاریان لەبەرامبەردا دەکرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەرچەندە جیاکاریشیان بەرامبەر بکرێت پیاوان خۆیان لەئاستێکی بەرزتر لەئافرەتان دەزانن، بۆیە ئەگەر پیاو و ئافرەت یەکسانبن ئەوا پیاوان دەبێت کەمێك دەستبەرداری غیرە و شکۆی خۆیان ببن بۆ ئەوەی ئەو یەکسانییە قەبووڵ بکەن. زۆر لە پیاوانیش هەن قەبووڵی ئەو یەکسانییە دەکەن و مێردەکەی من یەکێکە لەوانەی زۆر بڕوای بەیەکسانی پیاو و ئافرەت هەیە و دەڵێت بەڕێگەدان و ڕێزگرتن لەئافرەت زیاتر هەست بەئاسوودەیی و ئازادی دەکەم. سەبارەت بەپرسیارەکەی پێشوو، بەڵێ فێمینیزم زیانی لەپرسی ئافرەتداوە لەبەرئەوەی بەهۆی لەسنوور لادانیان پیاوانیان کردە دوژمنی ئافرەتان.

*** شەپۆلی نوێی گلۆبالیزم (New wave of globalization) چ کاریگەرییەکی لەسەر بزاڤە فێمینیستییەکانی کوردستانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوین هەیە؟ ئایا ئێوە لەمڕۆی جیهانی گلۆبالیزمدا ئایندەی بزاڤە فێمینیستیەکانی دنیا چۆن دەبینن؟**

- لەگەڵ زیادبوونی کاریگەری گلۆبالیزم و کاریگەربوونی خەڵك بەکۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و فیلم و تێکەڵبوونی کولتوورەکان ئەو بزاڤانەش گەشەدەکەن و مەودای بیرکردنەوە و ئاراستەیان گۆڕانی بەسەردادێت. پێموایە ئەم ڕەنگدانەوەیە بەشێوەیەکی سروشتی ڕوودەدات بەڵام هیواخوازم لەسنوور لانەدات و مافەکانی ئافرەتیش لەپێشەوەی ئەژێندای کارەکاندابێت لەڕۆژهەڵات.

سەبارەت بە کاریگەری ئەو تەوژمە نوێیەی جیهانگەرایی لەسەر ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و کوردستان، لەبەرئەوەی من تەنها یەکجار سەردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم کردووە و یەکەم وێستگەشم کوردستان بووە، بۆیە شارەزاییەکی ئەوتۆم نییە لەسەر بزاڤەکانی ئەو ناوچەیە. بەڵام لەو شتانەی بینیومن و خوێندوومەتەوە و گفتوگۆکانم لەگەڵ خەڵك، پێموایە خەڵکی کوردستان ئێستا بە لێوەکانیان قسە دەکەن و کار و چالاکیەکان نەگەیشتوونەتە ڕادەی قسەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە یاسایە و دەبێت سەرەتا باسی شتەکان بکرێت و دواتر گۆڕان دێتەکایەوە.

**ئەگەر پیاو و ئافرەت یەکسانبن ئەوا پیاوان دەبێت کەمێك دەستبەرداری غیرە و شکۆی خۆیان ببن بۆ ئەوەی ئەو یەکسانییە قەبووڵ بکەن.**

**بەڵام فێمینیزم زۆر ڕۆیشت و لەسنووری خۆی لایدا. لەبەرئەوە بەهۆی سنووربەزاندنیان پیاوانیان کردە دوژمنی ئافرەتان**

**تا ئەوکاتەی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی بۆ ئافرەت زامن نەکرێت هەرگیز کولتووری ژیان دروستنابێت، چونکە تەنها لەڕێگەی یەکسانییەوە کولتووری ژیان دروستدەکرێت. هەر بۆیە تا نیوەکەی تری پیاوان نەگۆڕێن ناتوانین پێگەی ئافرەت بگۆڕین**

**ساندی مۆرگان بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی ئافرەتان لەزانکۆی ڤانگواردی ئەمریکا بۆ گوڵان:**

# پێموانییە تائێستا گەیشتبینە قۆناخی پۆست فێمینیزمەوە چونکە فێمینیزم هیچ شتێک لەپیاو ناسەنێتەوە



***ساندی مۆرگان، چالاکڤانێکی بەناوبانگە لەسەر پرسی ئافرەتان و ئێستا بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی ئافرەتە لەزانکۆی ڤانگواردی ئەمریکی و وانەبێژە لەسەر قاچاخیکردن بەمرۆڤ و تونلوتیژی ناوخێزان. سەرپەرشتیاری ڕێکخراوی (Orange County for Human Trafficking)ە، کە لەدژی بازرگانیکردن بەمرۆڤ و ئافرەتان کاردەکات و. هەروەها بەڕێوەبەری دامەزراوەیەکی دیکەشە بەناوی (Lydia Today Foundation). مۆرگان لەچەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسی جیهانی سەبارەت بازرگانیکردن بەمرۆڤ بەشداریکردووە و لەیەکەم کۆبوونەوەی کۆشکی سپی دەربارەی قاچاخیکردن بەمرۆڤ و ئافرەت بانگهێشتکرا. مۆرگان وەك پارێزەرێك وانە و وتار بۆ زانکۆکان و گروپی خەڵك و کەنیسەکان پێشکەشدەکات. خانمی مۆرگان لەدەرفەتێکدا بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.***

**کوردستان نموونەیەکی مەزنە لەسەر ئەوەی چۆن گلۆبالیزم دەرفەت بۆ ئەو ئافرەتانە دەڕەخسێنێت کە سەدان ساڵە دوورەپەرێزکراون و هەر هیچ نەبێت لەرێگەی یاساوە مافە یەکسانییەکانیان پێبدرێت. بۆیە شەپۆلی تازەی گلۆبالیزم وەک کردنەوەی ئاگر وایە لەژێر حکومەتەکان**

*** فێمینیزم وەك بیر و باوەڕێکی یەکسانی ئافرەتان لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، بە سێ قۆناخی جیاواز لەسەدەی ڕابردوودا وەك بزووتنەوەیەکی نوێ بەشکڵ و تەوژمێکی بەهێز سەرەتا لەڕۆژئاوا و دواتریش لەرۆژهەڵات خۆی دەرخست، ئێستای ئەو بزاڤانە چۆن دەبینن؟**

- لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین، بزاڤی فێمینیزم زووتر و لەپێش سەدەی هەژدەم سەریهەڵداوە، لەڕۆژئاوادا و وەك ئەزموونی خۆمان لەئەمریکا سەرەتا فێمینیزم ئامانج و جەختی لەسەر مافی دەنگدانی ئافرەتان بوو، ئافرەتان هەستیانکرد لەناو خەڵك و کۆمەڵگادا بەشداریان هەیە بەڵام ناتوانن لەهەڵبژاردنەکان دەنگبدەن، بۆیە ڕژانە سەر شەقامەکان و دروشمەکانیان بەرزکردەوە و دەستیان بەتوێژینەوە و نووسینی وتار کرد و نامیلکەیان بڵاودەکردەوە، لەکۆتاییشدا ئافرەتان مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا. ئەم قازانجکردنی مافی دەنگدانە لەئەمریکا لەساڵی ١٩٢٢ دا بوو کە تەنانەت ناگاتە سەدەیەك لەمەوبەر، بۆیە ئێمە زۆر لەوڵاتانی تر لەپێش نین. ئەمە ڕێگای یەکەم بوو. دووەم ڕێگا، لەکاتێکدا ئێستا مافی دەنگدانیان هەیە، ئافرەتان هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو شتانەیاندەدا کە دەیانچاند و پیاوان خاوەنی بوون، من وای دەبینم و ڕەنگە کەسانی تر بەشێوەیەکی تر ببینن، بۆیە داوای یەکسانیان دەکرد لەو شتەی دەیکەن و چۆنیەتی کردنەکەشی، بەڵام چەند کێشەیەك لەمەدا هەبوو چونکە لەکاتێکدا فێمینستێك بڕوای وایە ئافرەت لەگەڵ پیاو یەکسانە و خاوەنی هەمان مافەکانی مرۆڤە، مانای ئەوە نییە ئێمە هاوشێوەی پیاوین، پیاوان خاوەنی چەند خاسیەتێکی جەستەیی تایبەتن کە ئافرەتان نیانە، ئافرەتان منداڵیان دەبێت بەڵام پیاوان منداڵیان نابێت. لەبەرئەوە لەڕێچکەی سێیەمدا تێگەیشتنین کە هەڵمەت و کامپەین کردن بۆ مافەکانی ئافرەت مانای ئەوە نییە دەمانەوێت هاوشێوەی پیاوان بین. بەڵام دەمانەوێت بەهەمان ڕێز و شکۆ و یەکسانیەوە مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت.

*** هەندێك پێیانوایە تەنیا فێمینیزم بەس نییە یان لەتوانایدا نییە بۆ ڕزگارکردنی**

**ئافرەتان لەو زوڵم و ناعەدالیەتەی کە دەرهەقیان ئەنجامدەدرێت و دەڵێن، بەگشتی فێمینیستەکان فەشەلیانهێنا لەو تروحاتانەی کە پێشکەشیان دەکرد، ئێوە لەمبارەیەوە چی دەڵێن؟**

- ئەو چالاکی و کۆنگرە و کۆنفرانسانەی لەجیهان و لەکوردستان دەکرێت، لەم دواییە ڕێکخراوێکی ناحکومی ئەمریکی ئافرەتان بەناوی ئافرەتانی جیهان بۆ ژیان (World's Women for Life) هاتنە کوردستان و کۆنفرانسێکیان سازکرد، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەهۆی گلۆبالیزمەوە ئەژێندای فێمینیستەکان و مافەکانی ئافرەت زۆر کاریگەرە و تەوژمەکەی لەگەشەسەندندایە. ئەمەش نەک بەو مانایەی ئافرەتان لەسەرووی پیاوانەوەن بەڵکو لەپاڵ پیاوانن.

*** بەشێک لەلێکۆڵەر و چاودێرانی ئەو بوارە بزاڤە فێمینیستەکانی ڕۆژهەڵات بەبزاڤگەلێکی عەفەوی وەسفدەکەن و وا تۆمەتباریان دەکەن کە هیچ ئیزافەیەکیان نەبووە، ئایا لەمبارەیەوە چ کۆمەنتارێکت هەیە؟**

- من وەک شارەزایی و ئەزموونی خۆم لەسەر ئەو بەشەی جیهان (کوردستان)، هەستم پێکردووە کە ئەژێندای فێمینیزمی بۆ مافی یەکسانی ئافرەتان سازاندووە، هەلیان بۆ ئافرەت لەبواری پەروەردە ڕەخساندووە، ئەمەش کاتی دەوێت و لە شەو و ڕۆژێکدا نایەتەدی. من زۆر گەشبینم بەداهاتووی مافەکانی مرۆڤ لەکوردستان.

*** پێتوایە لەرێگەی جیاکاریی ڕەگەزییەوە، واتە پۆلینکردنی کێشەکانی کۆمەڵ بەسەر گرفتی ئافرەتان و گرفتی پیاوان بگەینە چارەسەری، یان کێشەکان هاوبەشن و پێویستە وەک موعانات و کێشەی هەموو مرۆڤەکان تەماشابکرێن؟**

- بێگومان ئەوە کێشەی هەموو مرۆڤەکانە، ئەگەر پیاوان بەشێک نەبن لەگفتوگۆکان دەربارەی مافەکانی ئافرەت، ئەوا تۆڕێکی بەهێز دروستنابێت بۆ هاریکاریکردن و گێڕانەوەی ئەو ئافرەتانەی دوورەپەرێزکراون. وەزارەتی کاروباری ئافرەتانی حکومەتی هەرێم چەند ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە کەوا بنەبڕکردنی دیاردەی بەناو کوشتنی ئافرەت بە بیانووی شەرەف کاتی دەوێت، زۆرم پێ خۆشە کە جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت بە "دیاردەی بەناو کوشتنی ئافرەت بەبیانووی شەرەف" باسی پرسەکە دەکات، چونکە شەرەف لەم نێوانەدا بوونی نییە. ئەمەش نموونەیەکی گەورەیە کە بۆچی ئەو پرسە پرسی پیاوانە نەک تەنها هی ئافرەتان.

*** هەندێک پێیانوایە ئەو بزاڤ و جیاکارییە ئەوەندەی زیانی لەپرسی ئافرەتان داوە سوودی پێنەبەخشیوە، ئێوە چۆن لەو تەرحە ورد دەبنەوە؟**

- بەداخەوە کاتێک کەسێک خاوەنی شتێکە، کە بۆ ماوەیەکی زۆرە خاوەنیەتی، کەسێکی تر بەشێکی لەو شتە دەوێت چونکە هیچی نییە، کاردانەوەی یەکەمی خاوەن شتەکە لە یاتی هاوبەشیکردن بریتیە لەرەتکردنەوەی داواکاری ئەو کەسە. ئەگەر کەسانێک لەپیاوان و ئافرەتان هەستبکەن ترادیسیۆن و نەریتەکانیان هەڕەشەی لەسەرە، خێزانەکانیان هەڕەشەی لەسەرە ئەوکاتە بەرگری و دژایەتی گۆڕان دەکەن.

*** ئێستا بزووتنەوەی پۆست فێمینیزم خەریکە فراوان دەبێت و بەپاس لەو بۆچوونانە دەکات کە لەبەرامبەر فێمینیزم سەریانهەڵداوە. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لەساڵانی ١٩٦٠ بۆ وەسفکردنی ئەو پەرچەکردارە بەکارهات کە لەدژی دووەم چەرخی فێمینیزم بەرپابوو. هەندێ لەفێمینیستەکانی ئێستا وەک کاتا پۆلیت و نادین ستروسین، پێیانوایە فێمینیزم بەسادەیی بەمانای ئەوە دێت کە "ژنانیش خەڵکن". بەلای ئەو نووسەرانە ئەو تێڕوانینانەی کە ڕەگەزەکان جیادەکەنەوە وەک لەوەی یەکیانبخەن بە دیدێکی ڕاسیست و ڕەگەزپەرستانە دادەنرێن نەک فێمینیست. هەربۆیە دەبینین لێرە و لەوێش دەنگی ناڕەزایی پیاوانیش بەرزدەبێتەوە، ئەوانیش خۆیان بەچەوسێنراو و مەزلوم دەزانن، ئایا ئێوە چۆن لەمەودای ئەو بزووتنەوانە دەڕوانن؟**

- من پێموانییە تا ئێستا گەیشتبینە قۆناخی پۆست فێمینیزمەوە، چونکە فێمینیزم ئایدیۆلۆژیایەکی زۆر سەرەتایی و بنچینەییە کە بڕوای وایە ئافرەتان لەمافەکانی مرۆڤ یەکسانن. لەڕاستیدا فێمینیزم هیچ شتێک لەپیاو ناسەنێتەوە. پیاوان لە شوێن و پێگەی خۆیان دەهێڵێتەوە و ئافرەتانیش دەهێنێتە ڕیزی ئەوان.

*** لەدەورانی ئەنتیگەربوونی مرۆڤ لەنێو جیهانی گلۆباڵدا ئایندەی بزووتنەوە فێمینیستیەکانی دنیا چۆن دەبینی؟ ئایا شەپۆلی نوێی گلۆبالیزم چ کاریگەریەکی لەسەر بزووتنەوە فێمینیستەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین هەیە؟**

- کوردستان نموونەیەکی مەزنە لەسەر ئەوەی چۆن گلۆبالیزم دەرفەت بۆ ئەو ئافرەتانە دەرەخسێنێت کە سەدان ساڵە دوورەپەرێزکراون و هەر هیچ نەبێت لەرێگەی یاساوە مافە یەکسانییەکانیان پێبدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کێشەکە ئەوەیە یاسا بەس نییە، پەروەردەکردنی کۆمەڵگا و کولتوور گرنگترە لەوەی چی بەسەردێت کاتێک یەکیاندەخەیت لەکوردستان بەبەراورد لەگەڵ بۆ نموونە کالیفۆرنیا جیاوازە.

بۆیە شەپۆلی تازەی گلۆبالیزم وەک کردنەوەی ئاگر وایە لەژێر حکومەتەکان بۆ ئەوەی یاسا دەربکەن و ڕێگەچارە بدۆزنەوە بۆ پەروەردەکردنی خەڵک و پابەند و هاوتەریب بن لەگەڵ پرۆتۆکۆڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا و هەر لایەنێک بیەوێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکات سەیری تۆمارەکانیان سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ دەکات. لەڕاستیدا من لە تایبەتمەندیەکەی خۆم کە سەبارەت بەبازرگانی و قاچاغیکردن بەمرۆڤەوەیە لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٩ ڕاپۆرتێک بڵاوکرایەوە، باس لەعێراق و بەتایبەتی کوردستان کراوە کە هیچ یاسایەکی لەدژی بەندەیی (Slavery) نییە و ٨٠٪ی قوربانیانی ئەو قاچاغیکردنەش ئافرەتانن، چونکە ئەوان مافی هەڵبژاردنیان و دەرفەتیان لەبەردەمدا نییە و ئەوان کەسانێکن لەپەروەردە بێبەشکراون. بۆیە گلۆبالیزم مانای ئەوەیە بۆ نموونە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بیەوێت مامەڵە لەگەڵ ڕۆژئاوادا بکات ئەوا پێویستە یاساگەلێکی لەدژی قاچاغیکردن بەمرۆڤەوە هەبێت، پێویستە قوربانیەکان بپارێزێت کە زۆربەیان ئافرەتن. بۆیە گلۆبالیزم وا دەکات شتەکان بەخێراییەکی زیاتر بجوڵێن و گەشەبکەن.

**من وەک شارەزایی و ئەزموونی خۆم لەسەر ئەو بەشەی جیهان (کوردستان)، هەستم پێکردووە کە ئەژێندای فێمینیزمی بۆ مافی یەکسانی ئافرەتان سازاندووە**

**بەهۆی گلۆبالیزمەوە ئەژێندای فێمینیستەکان و مافەکانی ئافرەت زۆر کاریگەرە و تەوژمەکەی لەگەشەسەندندایە. ئەمەش نەک بەو مانایەی ئافرەتان لەسەرووی پیاوانەوەن بەڵکو لەپاڵ پیاوانن**



# بۆچی مێردەکەی رەت

• گوتم: هۆشمەند ئەوە بزانێ سەد سوێند و قورئان دەخوا دەڵێ ئەو سکەت هی من نییە، بۆیە داوام لە دایکم کرد منداڵەکە لەبەرخۆم بچوێنم

**سەرچاوەی گرفتەکە**

(هۆشمەند) دوای چەند ساڵێك لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتییەکەی، تۆزێك خەمی سەر دڵی کەم بۆوە کاتێك (ڤیان)ی هاوسەری سکی پڕ بوو، دوای نۆ مانگ چاوەڕوانی بۆ چەشتنی حەزی لەدایکبوونی منداڵێك، پاش ئەوەی (ڤیان)ی هاوسەری لە نەخۆشخانە و بە زەحمەتییەکی زۆرەوە نۆبەرەکەی بوو و (هۆشمەند) بووە خاوەن منداڵ و بووە باوك.

پێش ئەوەی ئەم منداڵەیان بێت (هۆشمەند) سەرەتا وەك (ڤیان) بۆ خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: هۆشمەند و من بە خۆشەویستی ژیانی هاوسەرێتیمان پێکهێنا، هەرچەندە هۆشمەند منی خۆشدەویست، بەڵام بەراستی زۆر جاریش دواکەوتووانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکردم بەتایبەتی کە زۆر حەزی لە منداڵ بوو، منیش منداڵم نەدەبوو، هەرچەندە چارەسەری و دەرمانیشم وەردەگرت، بەڵام دوای چەند ساڵێك چارەسەر و سەردانی پزیشکان ئینجا سکم پڕبوو، منداڵێکمان بوو، بەڵام حەزی منداڵ حەزێکی گەورە و بەهێزە لای پیاو بە تایبەتی ئەگەر کەس و کاریش بەردەوام ئەو قەوانە لێبدەنەوە کە دەڵێن ئەوە بۆ منداڵتان نابێ و نازانن چی.. کە منداڵیشت دەبێ ئەگەر کچ بوو داوای کوڕ دەکەن، ئەگەر کوڕ بوو، داوای هی دیکە دەکەن. خۆ ئەگەر چەند کوڕێکت بێت دەڵێن دەی با کچێکیشت ببێ، راستییەکەی ئەمە بۆخۆی کێشەیەکە، کە شووم کرد سەرەتا منداڵ نەبوون کێشەمان نەبوو، بەڵام کەساڵێك و دوانی بەسەرداچوو، ئیدی کەسوکار بەتایبەتی (دش و خەسوو) دەکەونە خۆ و خۆ لە ژیان هەڵدەقورتێنن، هەروەك خۆیان لە ژیانی من هەڵدەقورتاند و بێ تامیان کردبوو، من و هۆشمەند لەبەر خۆهەڵقورتاندنی ئەوان دەبووە ناخۆشی و کێشەمان و جاری وا هەبوو بە هەفتە قسەمان لەگەڵ یەك نەدەکرد و وازمان لە یەك نەدەهێنا، هەرچەندە لەیەك ماڵیش دەژیاین و ژن و مێردیش بووین، بەڵام کە دەهاتەوە من نانم بۆی دادەنا، ئەویش نانی خۆی دەخوارد بێ ئەوەی یەك وشەش بدرکێنێ، تا ئەو کاتەی تێگەیشت کە ئەگەر لەسەر ئەو خۆتێهەڵقورتاندنەی کەسوکاری لە ماڵەوە بیکاتە گرفت و لەسەر ئەوان بکاتەوە کەس منەتی پێ نییە و تەنهاش بەخۆمان زیان دەکەین. ئیتر پاش گفتوگۆی من لەگەڵی و پاش چەندین جاری تۆران و لێ لالوتی بوونم وازی لەو هەڵسوکەوتانەی هێنا، ئەوەبوو کە سکیشم پڕ بوو بە تەواوەتی بەرەو باشی گۆڕا، بەتایبەتیش کە نۆبەرەکەم کوڕ بوو، ئینجا دوای ئەوەی کوڕەکەم بوو دوو سێ ساڵان، دیسان بەیت و بالۆرەکەی جاران دەستی پێکردەوە و کەسوکاری دیسان خۆیان تێهەڵقورتاندەوە، منیش ناچار بووم دووبارە سەردانی پزیشکەکان بکەمەوە، بەڵکو منداڵێکی تریشمان بێت.

**من و هۆشمەند لەبەر خۆهەڵقورتاندنی ئەوان دەبووە ناخۆشی و کێشەمان و جاری وا هەبوو بە هەفتە قسەمان لەگەڵ یەک نەدەکرد**

**سکپڕییەکەی دیکە، بەڵام**

(ڤیان) بەردەوام دەبێ لە گێڕانەوەی کێشەکەی دەڵێ: پزیشکەکان دەیانگوت چارەت هەیە و دەتوانی منداڵێکی ترت ببێت، بەڵام سەبری دەوێ و کاتی پێویستە و دەشبێ دەرمان و چارەسەرییەکانت بەباشی و بەردەوامی و رێکی بخۆی و بەردەوام لە ژێر چاودێری دابیت، بەڵام بەلای (هۆشمەند)ەوە چاوەڕوانییەکە زۆر و درێژ بوو، ناکۆکییەکانی نێوانمان دیسان سەریهەڵدایەوە و نێوانمان دیسان




تێکچووەوە، ئەمجارەیان یەک دوو جار بووە کێشــە و شــەڕمان و بە ناچاری تۆرام و ماڵم بەجێهێشــت، ماڵی خەسووم هەمیشە بە (هۆشمەند)یان دەگوت: ژنێکی تر بێنە ئەم ژنەت نیمچە نەزۆکە وەکو دارێکی بێ بەر وایە. بەردەوام هانیان دەدا و وەکو دەڵێن پریان دەکرد، مــن ئیدی چوومەوە ماڵی باوکم و لەوێ مامەوە، ئەویش بە تەنیا لە ماڵ مایەوە و ماڵی خەسووم منداڵەکەیان بەخێو دەکرد، چونکە (هۆشمەند) بە ڕۆژ خەریکــی کاری خۆی بــوو، نەیدەتوانی منداڵەکە بەخێو بکات، من ئەوەم لە ماڵی باوکم دوو ســێ مانگی کێشا و زیز بوون و تۆرانەکــەم هەم بۆ مــن و هەمیش بۆ ئەو ناخۆش بوو. کێشــەی هەرە سەرەکیم لە ڕووی تەندروستییەوە ئەمە بوو سووڕی مانگانــەم نارێك و پچــڕ پچڕ و ناتەواو بوو، جاری وا هەبوو بە دوو سێ مانگانان ســوڕی مانگانەم نەدەدیت، جاری واش هەبــوو لەمانگێــك دا دوو جار ســوڕی مانگانــەم دەدیت، ئــەو ماوەیەش کە لە ماڵی باوکم بووم، سوڕی مانگانەم بڕابوو، نزیکەی سێ مانگ و نیو بوو تۆرابووم، بەیانییەك هەســتم کرد شتێك لەناو سکم دەجوڵێ، پێشتر یەك دوو بەیانی هەستم بە هێڵنج هاتن و دڵ تێکهەڵاتن کردبوو تەنیا دوو جاریش بە ســووکی ڕشانەوەم هاتبوو، بەڵام چونکە بۆخۆم لە بنەڕەتدا ســوڕی مانگانەشم تەواو نەبوو، بۆیە قەت خەیاڵم بۆ ئەوە نەدەچوو سکم هەبێ و دووبارە دوو گیان ببمەوە، بەڵام کە هەســتم بە جوڵەی ناو ســکم کرد لەگەڵ دایکم چوومە لای پزیشــك، دوای خۆنیشــاندان و پشکنین پزیشــکەکە گوتی: ســکت هەیە و سێ مانگ و نیویشە، گوتم باشە (هۆشمەند) ئەوە بزانێ هەزار ســوێند و قورئان دەخواو دەڵێ: ئەو ســکەت هی من نییە، بۆیە بە دایکم گوت: منداڵەکەم دەچوێنم،ئەمەشمان بە پزیشکەکە گوت بەڵام گوتی: ناتوانی چونکە ســکەکەت گەورەیــە و لەوانەیە تووشی مەترسی جیدیت بکات و خۆشت و منداڵەکەشت لەناو بچن، بۆیە وا باشە بیر لە لەبارچواندن نەکەیتەوە، منیش زۆر دوو دڵ و خەمبار ببووم، بەدایکم گوت: باشە دایە ئێستا بە هۆشــمەند بڵێم سکم هەیە دوای ئەو یەك دوو ســاڵە بەردەوام دەرمان خواردن و چارەســەر وەرگرتن، ناڵێ ئەو سکەت لە کێ بوو؟ دایکیشم گوتی: کچم لــە خۆڕایی خۆت نیگــەران و دڵەڕاوکە کردووە، منداڵ منداڵی مێردەکەتە لەماڵی باوکی خۆت بوویتە، بۆیە دەبێ گومانت لێ بکا کــە خۆت لە گــوڵ پاکتری و چاکیش خۆت دەناسی، ئەو دڵە ڕاوکێیەت لە چییە؟

و اباشــە بێتە ئێرە و پێی بڵێین، ئەگەر بەراســتیش گومانی لێکردیت، چاوەڕێ کە با منداڵەکەت ببێ ئەوسا با خوێنی منداڵەکە بپشکنن، ئەگەر ڕاست دەرنەچوو ئەوســا هەقی خۆیەتی هەر شتێك بڵێ. ئێمە پێش ئەوەی مەسەلەی سکپڕییەکەم بزانم خەریك بوو بە هاوکاری و ناوبژیوانی کەســوکاری هــەردوولا ئاشــت ببینەوە، بەراستیش ئاشت بووینەوە، جا بەو بۆنەیەوە هاتە ماڵی باوکــم و من لە پێش باوکم و دایکم پێم گوت کە ســکم هەیە. کەچی ئەو زۆری بەلاوە ســەیر بــوو، بەوپەڕی گومانەوە گوتی: ئەم سکەت لەکێ بوو؟ گوتم: لەتۆم بوو، قابیلە لە کەســێکی تر بووبێ، بووە گفتوگۆ و مشــتومڕ، هی من و هی من نییە، پێم گوت: ســکەکەم ســێ مانگ و نیوە و منیــش ڕێك ئەوە ســێ مانگ و نیو دەبێ لێــرەم، ئەوەش ڕاچیتەی پزیشــك، بەڵام ئەو قەناعەتی پــێ نەهات، گوتمان ســبەی ئێوارە وەرە دەچینە لای ئەو پزیشکەی کە پشکنینی بۆ کردووین، ئــەوە بوو ئێوارەکە چووین و پزیشــکەکە مەسەلەکەی وەکو خۆی باس کرد و تێیگەیاند، کەچی ئەو هەر بڕوای نەدەکرد، ئەمجارە پزیشــکەکە گوتی: تۆ بۆ ئەوەی دڵنیابی لەوەی کە ئەم ســکە منداڵی تۆیە، باشتر وایە چاوەڕێ بکەی تا ژنەکەت ســکەکەی دادەنێ، ئەوســا کە منداڵەکە بوو دەتوانین پشــکنینی بۆ بکەیــن و ئەنجامەکەی بە دیار دەکەوێ. بەهەر حاڵ بۆ ئــەوەی هیچ گومانێکی نەمێنێ گوتم: ڕازیم بــەم مەرجە، بەڵام لەماڵــی باوکم دەمێنمەوە تــا منداڵەکەم دەبــێ، ئەویش ڕازی بــوو، مانگ هات و مانگ ڕۆیی کاتــی منداڵبوونم هات و لە نەخۆشــخانە منداڵەکەم بوو، دوای هەفتەیەك بردمان بۆ پشــکنین، نموونەی خوێنیــان لێوەرگرت بۆ ئەوەی ڕەچەڵەکی دیاری بکرێ و لەگەڵ هی باوکی بەراورد بکرێ، بۆیە هەندێ پشــکنینی بۆ کرا، ئەوە بوو دەرکەوت لەگەڵ هی باوکی واتە لەگەڵ (هۆشمەند) یەکن و بۆی ڕوون بۆوە کە منداڵەکە هی ئەوە، ئیتر ئاســوودەبوو. ئینجا بە زمانێکی نەرم و لووسەوە داوای لێکــردم لەگەڵی بچمەوە ماڵ. منیش کە ئەو هەمووە بێ بــڕوای و بێ متمانەییم لێدیت، ئەوەندە ئازاری پێچەشتم و ئەوەندە ســوێند و قورئانم بۆی خــوارد لەگەڵی چوومە لای پزیشك. بەڵام هەر بێ سوود بوو، بــڕوای پێنەدەکردم، بۆیە منیش وەك ڕەتدانەوە گوتم، تازە قەت لەگەڵت ناژیم، ناتوانــم لەگەڵ پیاوێك بم کــە متمانەم پێنەکات و بە سوێند و قورئانی دونیا پێم باوەڕ نەکات، بەخــوا دەبێ تەڵاقم بدەی، ئەوەبــوو پاش دوو ســێ مانگ ناکۆکی ئاخیرییەکەی تەڵاقی خۆم لێوەرگرت.

**ناتوانم لەگەڵ پیاوێک بم کە متمانەم پێنەکات و بە سوێند و قورئانی دونیا پێم باوەڕ نەکات**